# جیهان لە سەرەتای سەدەی بیست و یـــــەکەم

ئارەش برومەند

وەرگێرانی لە فارسیەوە : دڵشاد خۆشناو ـ تاران

ساڵی 2000 ی زاینی لە نێوان شەپۆڵێکی شادی و خۆشحاڵی،ترس و دڵەڕاوکی، ئومێد و چاوەڕوانیەکان هات. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ملیارها مرۆڤ لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە بە بەرەکەتی جیهانی بەرفراوانی میدیا جیهانییەکان، هەروەك ئەندامانی خێزانێك هاوکات جەژنەکانی سەری ساڵی زایینییان پیرۆزکرد.

بەم جۆرە سەدەیەك لێواولێو لە تایبەتمەندیە سەرسوڕهێنەرەکان گەیشتە مێژوو و بەندێکی نوی لە بەردەم مرۆڤایەتی کرایەوە.

ئایا بەراستی سەدەی نوی دەبێتەسەرەتای کێشەیەکی نوێی جۆریی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا؟ ئایا سەدەی بیستەم بە »کۆتایی مێژوو« ی مرۆڤایەتی دەژمێررێت؟ ئایا »کاروانی مێژووی مرۆڤایەتي« لە شەقامی »پوختە و بی وەستان« بە چاکی تێدەپەڕێت؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تری لەم جۆرە، وا باشە تەماشایەکی رابردوی سەدەی بیستەم بکەین، تا بە کەمە روناکی ئەزمون لە رێگای پڕ هەوراز و نشێودا کونێکی هەڵاتن بدۆزینەوە.

## سەدەی رابردوو

بە گشتی وا باوە کە هەر رۆژگارێکی مێژوو بە ناوی گرنگترین دیاردەی ئەو سەردەمە ناوزەد بکری،دەستکەوتەکان یانیش باری کۆمەڵایەتیەکانی هەمان رۆژگار ئەوە دیار دەکەن؛ وەکو سەردەمی ئاسن وە سەردەمی مس وە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی ئۆتۆمبیلی هەڵمی و ... هتد. ئەو سەدەی کە رابورد قەبارەیەکی هێندە زۆری بەخۆوە گرتبوو لە گۆڕانکاریەکان کە بە زەحمەت دەتوانری ناوزەد بکری بە گۆڕانکاریەکانی ئەو سەدەیە. هەندی لە زانایان لەو باوەرەدان کە قەبارەی گۆڕانکاریەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەم سەدەیەدا بە تەنیایی هێندەی هەموو گۆڕانکاریەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم. بە هەرحاڵ ئەگەر لایەنی هاوسەنگی بگرین دەتوانین بڵێین کە سەدەی بیستەم نەك بە یەك روداو بەڵکو بە هۆی روداوی بی ژماری دیار دەکەویت کە لە ژێرەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین.

### ئەلف.سەدەی جەنگە کەم وێنەکان

سەدەی بیستەم مۆری جەنگی بە تەوێڵەوەیە لە تەواوی ئەم سەدەیەدا جیهان لە دڵەڕاوکێی جەنگدا ژیا؛تەنانەت کاتی کە تۆپەکانیش لەکار کەوتبوون بۆنی باروت نەدەهات لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا ساڵی 1990ئاگری جەنگ کەوتە نزیکەی 180وڵات؛12 جەنگ لە ئەوروپا و36 جەنگ لە رۆژهەڵاتی

©Kurdistan Net

ناوەراست و رۆژهەلاٌتی نزیك، 50 جەنگ لە ئاسیا، 33 جەنگ لە ئەمریکای لاتین49 جەنگ لە ئەفریقیا و جگە لە جەنگەکانی دەیەی 1990 ی وەکو جەنگی هاوپەیمانەکان لە دژی عێراق لە ئەنجامی هێرش بردنی بۆ سەر کویێت. شەڕەکانی بەلقان (سەراییڤۆ و بۆسنی و کۆسۆڤۆ) شەرە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقیا (کۆنگۆ، روەندا، سودان، ئەسیوپیا، و...) جەنگی فرەی ئاسیای ناوەراست و قەفقاز (روسیا و چیچان و شەڕە ناوخۆکانی تاجیکستان و ئازەربایجان لە گەلٚ ئەرمینیا) جەنگە بی کۆتاییەکانی ئەفغانستان و کشمیر.

رەنگە بلێین جەنگ تایبەتمەندی سەدەی بیستەم نەبووە تا سەدەی بیستەم بە سەردەمی جەنگ ناوزەد بکەین. بەراستیش جەنگ هاوزادەی مێژووی مرۆڤە و هیچ سەدەیەك بی جەنگ و خوێنرێژی نەگوزەراوە. بەلاٌم ئەوەی کە جەنگی سەدەی بیستەم لە جەنگی سەدەکانی تر جیا دەکاتەوە، رەهەندەکان، هونەرەکانی سەربازی و ئاسەوارەکانی ئەو جەنگانەن.

لەم سەدەیەدا دوو جەنگ( لە سالەکانی 1914 تا 1918 و 1939 تا 1945) لە سەر ئاستی جیهانی رویاندا. کە لە لایەن قەبارەی چالاٌکی و زیانی گیانی پتر لە هەر جەنگێکی تری مێژووی مرۆڤایەتی بوو. لەو دوو جەنگەدا زۆر لە وولاٌتان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەو جەنگە بەژدار بوون و خاکیان بووە مەیدانی جەنگ و وێران بوو. ی یەکەم گۆشەیەکە لە زیانەکانی هەردوو جەنگە جیهانیەکە.

**ی ( ١ ) زیانی گیانی و مالی دوو جەنگی جیهانی**

| | جەنگی جیهانی یەکەم | جەنگی جیهانی دووەم |
|---|---|---|
| خەرجی شەڕ | **186** ملیارد دۆلار | **982** ملیارد دۆلار |
| میزانی وصرانیەکان | **338** ملیارد دۆلار | **4000** ملیارد دۆلار |
| ژمارەی کوژراوەکان | **8,5** ملیۆن کەس | **54** ملیۆن کەس |
| بریندار و کەم ئەندامان | **21** ملیۆن کەس | **118**ملیۆن کەس |
| گیراو و وون بوان | **7,7** ملیۆن کەس | ؟ |

لە سەدەی بیستەم هونەری سەربازی بە پالٚپشتی دوایین دەستکەوتە زانستیەکان بە ترسناکترین قۆناغی تەواوبوون گەیشت لە کۆمەلٚەی مێژووی مرۆڤایەتی، لە ماوەی جەنگە سارد و گەرمەکانی سەدەی بیستەم، جبەخانەیەکی وا دروست بوو کە بەشی ئەوەی دەکرد چەندین جار هەموو بونەوەرەکانی سەر زەمینی پی لەناو بچێت.

ئامێری جەنگی فرە داهێنرا لەم سەدەیەدا، ئامێری وەکو چەکە کۆکوژە ئەتۆمیەکان، و بۆمبە هایدرۆجینیەکان و نیرۆنیەکان، و چەکی کیمیایی و، گازی ژەهراوی و، چەکی میکرۆبی و، پاشانیش چەکی لێزەری و ئاسماني(جەنگی ئەستێرەکان) ئامێری وا کە تا نەگاتە ئامانج واز ناهێنی. جگەلەوەی کە لەگەلٚ ئەوانەشدا چەندین چەکی کۆکوژی تریشیان بەکاردەهێنا. ئەو جبەخانەیە، مرۆڤ بۆ یەکەمین جار گەیشتۆتە سنوری شێتی هەلٚگیرساندنی جەنگ. قەیرانی کوبای دەیەي1960 ئاشکرای کرد کە تێپەرین لەو سنورە دەبێتە هۆی لەناوچوونی لایەنە شەرکەرەکان لەو باریەوەش چارەسەری قەیران بە ئاستی هۆگر بوون ـ واتە جەنگی روبەرویی ـ مەحالٚە. هەر لەژێر ئەو کاریگەریەشە کە بیرورا سەربازیەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تووشی جۆراوجۆری بوو. تیۆرەکانی (هاوسەنگی ترس)، (شەری ناراستەوخۆ)، و سیاسەت (پێشدەستی دەستوەشاندنی یەکەم) لەو گۆرانکاریانە دێنەهەژمار. تیۆري(هاوسەنگی ترس) بە پێشبرکێی

چەكسازی نێوان هەردوو زلهێزی جیهانی بۆ ماوەی چەند دەیەیەك درێژەی كێشا بەروبومەكەشی سودێكی زۆر بوو بۆ كۆمەڵگا (سەربازی ـ پیشەسازیەكان)، كۆمپانیاكانی چەكسازی و دروستكردنی دەزگایەكی (بەڕێوەبردن ـ سەربازي) لە هەردوو جەمسەری جیهانی بوو كە لایەنگری زۆریان لە سیاسەتی جیهانی هەبوو و هەیانە. ئەو ماشێنە گرنگە سەربازییە كە گرێدراوە بە بەرژەوەندی كەسانی زۆرەوە، هەرلە سەرمایەدارانی كۆمپانیا چەكسازیەكان بگرە تا دەگاتە فەرمانبەران و كرێكارانی ئەو كۆمپانیاو كارگانە. بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی پێویستی بە تەشەنوج هەیە لە بەرفراوانی نێودەوڵەتییە .

تیۆري (شەڕە ناڕاستەوخۆكان) كە بە مانای بەشەڕهێنانی دوو میللەت و ڕووبەڕو بونەوەی

بەرژەوەندیەكانی یەكێك لەو دوو میللەتە لە جیاتی ڕوبەڕو بونەوەی ڕاستەوخۆی زلهێزەكان،لە ئەنجامی ئەو گرژیە نێودەوڵتیەشدا بازاڕی چەكسازی بووە جیهانی و ڕەونەقێكی تایبەتی پەیدا كرد و بووە سەرچاوەیەكی پڕ دەرامەتی ئەو وولاتانەی كە لەسەر سفرەی زلهێزەكان دەژیان.لە ساڵی960 1 تا 1996قەبارەی گشتی بازرگانی جەنگ گەیشتە 1500 ملیارد دۆلار و 124 ملیارد دۆلار بۆ لێكۆڵینەوە سەربازیەكان خەرج كرا. ئەو تیۆرەش بوە هۆی ئەوەی كە هەردوو جەمسەری زلهێزی جیهانی بكەونە ئەزماندنی یەكتر لە وولاتانی جیهانی سێیەمدا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ. شتێكی ڕێكەوت نییە كە 9 5% شەڕەكانی سەدەی بیستەم لە باشور ڕویانداوە. دیسانیش ڕێكەوت نییە كە لەم سەدەیەدا لافاوی ئامێرە جەنگیەكانی وولاتە ئیمپریالیست و (سۆشیالیستەكان) جیهانی سێیەمیان سەرەوبن كرد. خشتـــەی دووەم ترازوی ناردنەدەرەوەی چەك نیشان دەدات بۆ وولاتەكانی جیهانی سێیەم تەنیا لە ماوەی 5 ساڵ.

**خشتەی ٢:گرنگترین ئەو وولاتانەی چەكیان ناردۆتە وولاتانی جیهانی سصیەم لە ساڵەكانی 1986 تا 1990**

| وولات | ناردنەدەرەوەی چەك بە ملیۆن دۆلار | لەسەدا |
|---|---|---|
| یەكێتی سۆڤیەت | ٤٣١٦٩ | ٥ ٤٢ |
| ئەمریكا | ٢١٧٦١ | ٤ ٢١ |
| فەرەنسا | ١٠٤٩٠ | ٣ ١٠ |
| چین | ٧٥٦٩ | ٥ ٧ |
| بەریتانیای گەورە | ٦٢١٠ | ١ ٦ |
| ئەلمانیای فیدراڵ | ١٩٤٦ | ٩ ١ |
| هۆڵەندا | ١٥٨٣ | ٦ ١ |
| ئیتالیا | ١١٦٩ | ٢ ١ |
| بەرازیل | ١١٣٦ | ١ ١ |
| ئیسرائیل | ٩١٢ | ٩ ٠ |
| ئەوانی تر | ٥٥١٩ | ٤ ٥ |
| كۆی گشتي | ١٠١٤٦٤ | ١٠٠ |

تیۆری (پێشدەستی لە دەستوەشاندنی یەكەم) كە بە مانای ئامادەیی بۆلێدانی یەكەم زەبری ئەتۆمی بە دوژمنەكەی، بوە هۆی پێشكەوتن و دروستكردنی سیستەمی موشەكی پێچاوپێچ و هێزە ئاسمانیەكان، بە شێوەیەك كە هێزی سەربازی وولاتە خاوەن چەكە پێشكەوتوەكان هەرلەدورەوە و بەپەلە ئامادەی

©Kurdistan.Net

بەرپەرچدانەوەی هەموو هێرشێکی دژبە بەرژەوەندی وولاَتەکەیانن، پێشکەوتنی ناوبراو بە تێکهەڵکێشکردنی چەمکی شوێن و کات، وەرچەرخانێکی لە ستراتیژیەت و تاکتیکی جەنگ دروست کرد کە جەنگی کەنداو و جەنگی ناتۆ لە دژی یۆگۆسلافیا رەنگدانەوەی ئەو راستیەن.

## ب ـ سەدەی وێرانکردنی ژینگە.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی سەدەی بیستەم،وێران کردنی کەم وێنەی ژینگەیە. ئەگەر تا سەدەی بیستەم وێرانی ژینگە بە دەستی مرۆڤ بە شێوەیەکی سنوردار رویدابێت. ئەو وێرانکردنە لە سەدەی بیستەم رەهەندی نوی و کارەساتباری بەخۆوە دی، بە جەسارەتەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر تا ئەو سەدەیە مرۆڤ پتر رۆڵی قوربانی کارەساتە سروشتییەکانی دەدی، لە سەدەی بیستەم خۆی بوە هۆی دروستکردنی کارەساتی سروشتی زۆر، یاخود بڵێن بووەوە قوربانی کارەکانی خۆی،وێرانکاریەکانی ژینگە لە لایەن مرۆڤەوە ئەمانەن:

### کون بوونی چینی ئۆزۆن:

ئەم دیاردەیەش کە لە ئەنجامی دروستکردنی گازی کاریگەر دروست بووە، بوە هۆی ئەوەی کە میزانێکی زۆری تیشکی کوشندەی (سەرو بنەوشەییەکان)ی خۆر لە بەربەستی سروشتی زەوی بپەرێتەوە. بە پێی ئاماری نێوان ساڵەکانی 1960 تا 1972. 3,6 ملیۆن تۆن لەو گازانە چۆتە ناو ئۆتمۆسفۆری گۆی زەوی، وولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە 5% دانیشتوانی جیهان، 20%ی گازە کاریگەرەکانی دروست کردوە، بەریتانیا 2,7% ئەڵلنیا 2,8 فەرەنسا 2,1%.لە وولاَتەکانی جیهانی سێیەمیشدا،بەرازیل،چین،و هیندستان چالاَکترین رۆڵیان هەبووە لە دروستکردنی گازە کاریگەرەکان.

### پیس کردنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە:

هۆیەکی ژەهراوی بوونی ئاوی روبارەکان،سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بە هۆی ئاوە ژەهراویەکانی کارگەکانی گاز. لە لایەکی تر بە بەکارهێنانی کۆدی کیمیایی بۆ کشتوکاڵ. ئەو ماددانە بە بارینی بەفرو باران دەچنە ناخی خاك و تێکەڵی ئاوە ژێرزەویەکان دەبن. هۆیەکی تری پیس بوونی ئاو، پیس بوونی بی ئەندازەی هەوایە لە شارە گەورەکان. گەردیلەکانی گازەکان لە هەوادا لەگەڵ بارینی بەفر و باران دەچنە ناو ئاوە ژێرزەویەکان.

تێکەڵ بوونی گازە ژەهراویەکان و ماددە کیمیاویە ترسناك وماددە رادیۆکتیڤەکان لەگەڵ ژینگە. کارەساتی وەکو تێکەڵ بوونی گازی ژەهراوی لە کارخانەی یونیۆن کاربايد (Union Carbide)لە شاری (بوپال)ی هیندستان لە ساڵی 1984 بوە هۆی مردنی 700 کەس و کوێر بوونی سەدان کەسی تر. کارەساتی تەقینەوەی ئاکنوری ئەتۆمی چیرنوبیڵ کە لە ئەنجامی ئەوەدا هەزاران کەس تووشی شێرپەنجە بوون و بە هۆی پیس بوونی گیاکانیش بە ماددەی رادیۆکتیڤ ئاژەڵی زۆریش لە ناو چوون، کارەساتی نقوم بوونی کەشتیە نەوت هەڵگرەکان. لەوانەش نقوم بوونی کەشتیەك لە ئاوەکانی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا بووە هۆی داپۆشینی کەنارەکان بە توێژاڵێکی رەش و ئەستور و لینجی نەوت.ئەوەش لە سەدەی رابردوودا کەم وێنە نەبوو.

©Kurdistan Net

## لەناوچوونی جەنگەڵەکان :

دارستان برین بە شێوەی پیشەسازی یەکێکە لە دیاردە شومەکانی سەدەی بیستەم،کە لە لایەك هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سود وەرگرتنی کۆمپانیا فرەگەلەکان لە لایەکی تریش لە کۆششەکانی دەوڵەتەکانەوە سەرچاوەدەگری بۆ وەدەستهێنانی کالاًیەکی بەهادار یا دانەوەی قەرزەکانیان بە بونیادە ئابووریەکانی جیهان.

نابووت کردنی جەنگەڵە بارانییەکانی ئەمازۆن و گۆرانیان بە کێڵگەی پەروەردەکردنی ئاژەڵ بۆ کۆمپانیای(مك دونالد) و جەنگەڵ بری لە تایلەند بە جۆرێکە کە روبەری جەنگەڵە بارانییەکان لەم وولاًتەدا لەماوەی سی ساڵی رابردوودا گەیشتۆتە چارەگی پێشتر،ئەمەش نمونەیەکی ترە لەو کارەساتە ژینگەییانە. لەم رێگایەشدا مرۆڤ لەراستیدا هەناسەدانی لەسەر گۆی زەوی تووشی گرفت کردوە. یەکێکی تر لە دیاردەکانی دارستان برین نەکێشانی ئاوە سەرزەویەکان لە ئەنجامی روودانی لافاوەکان.

## لەناوچوونی گیاندارە جۆراوجۆرەکان:

لە ئەنجامی راوکردن بە شێوەی پیشەسازی، بوونی هەندی جۆری گیانداران خەریکە لەناودەچێت یا گیانیان لە مەترسیدایە. راوکردنی نەهەنگ لە لایەن ژاپۆنیەکان مشتێکە لە نمونەی خەروارێك.

## کۆبونەوەی پاشەڕۆ:

یەکێکی تر لە گرفتەکانی ژینگەی سەدەی بیستەم دروستبوون و کۆبونەوەی پاشەڕۆیە کە بە گشتی لە ئەنجامی پیشەسازی زۆرەوە سەرچاوە دەگری. لە ساڵی 1989تەنیا لە ئەڵمانیای فیدراڵ 11 ملیۆن شتی پێچراو بەرهەم هێنرا کە هەموو ئەو پێچراوانەش لە سەرەنوێڵکەکانەوە سەریان دەرهێنا. لە کۆتایی سەدەی بیستەم پاشەرۆیەکی نوی لەناو زبڵدانەکان بەرچاودەکەویت،هاوکات بە هاتنە خوارەوەی نرخی ئامێرە ئەلەکترۆنییەکان بەشێوەیەکی رۆژانە ئامێرە لەکار کەوتوو و مۆدیل کۆنەکان فری دەدرێن، بەگوێرەی دوایین ئامارەکانی وەزارەتی ژینگەی ئەڵمنیا، ساڵانە نزیکەي 800تۆن ئامێری لەکار کەوتووی ئەلەکترۆنیکی دەخرێتە سەر زبڵدانەکان. گرفتی سەرەکی ئەو جۆرە پاشەرۆیانە ئەوەیە کە لە ئەنجامی سوتاندنی هەندی لە بەشەکانی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکان گازێکی ژەهراوی و کوشندەی لی هەڵدەستێت وەکو گازی دیۆکسین، فۆران،کادمیۆم.

ئەگەر کاتی ئەو جۆرە پاشەرۆیانە بۆ وولاًتەکانی جیهانی سێیەم دەگوێزرانەوە، لە کۆتایی سەدەی بیستەم قەبارەو چۆنیەتی پاشەڕۆ گەیشتە ئەوەی کە ئەم شێوەیە ئیتر ناتوانی وەڵام دەرەوە بێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە،و شارستانیەتی مرۆڤیش هێشتا چارەسەرێکی بۆ ئەو کێشەیە نەدۆزیوەتەوە.

## وێرانکردنی ژینگە بە هۆی جەنگەکان:

©Kurdistan Net

یەکی لە کاریگەریەکانی بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکان لە سەدەی بیستەم،وێرانکردنی ژینگە بووە،یەکی لەو وێرانکردنانە گۆرانی زەمینەکانی هیرۆشیماو ناکازاکی و بە زەویەکی سوتاو و بی پیتوبەرەکەت بوو لە ئەنجامی بۆمبابارانی ئەتۆمی ئەو دوو شارە یا لەناوچوونی هەندی لە دارستانەکان لە جەنگی ڤێتنامدا بە هۆی باراندنی چەکی کیمیایی بەسەریاندا لەلایەن هێزەکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە مەبەستی

لە ناوبردنی ڤێتنامیەکان،یا بارینی بارانی رەش لە کەنداوی عەرەبی بە هۆی سوتاندنی چاڵە نەوتەکانی کویت لەلایەن هێزەکانی عێراق لە جەنگی کەنداودا.

## دیاردەکانی وەکو (شێتی ی مانگا):

دەکری ئەم دیاردەیەش بخەینە سەر وێرانکاریەکانی تری ژینگە بە دەستی خودی مرۆڤ هەڵبەتە بە شێوەیەکی نوی. لە دەیەی 1990بلاْوبونەوەی نەخۆشی شێتی مانگا بوە هۆی مردنی هەزاران سەر مانگا لە بەریتانیا. هۆی بەدیارکەوتنی ئەو جۆرە دیاردەیەش تێکەڵ کردنی تۆزی گۆشت بووە لەگەڵ خواردەمەنی ئەو گیاندارە گیاخۆرە!

نمونەکانی لەم بابەتە کە جێی خۆیەتی ناوی بنێین (شێتی ی مرۆڤ)،لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بە لێشاو دیارکەوتووە.

بە کورتی دەتوانین چەند هۆیەکی بنەڕەتی بۆ وێرانکاریەکانی ژینگە بە دەستی خودی مرۆڤ بژمێرین:

١. تەقینەوەی دانیشتوان:لە روانگەی لێزانانی ژینگە ئەو هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بە شێوەیەکی بێوێنە دەستبخاتە ژینگەی گیاندارانی هەمەجۆر ئەمەش دەبێتە هۆی داماڵینی ژینگەیان. پرۆفیسۆر تۆماس کسلرینگ فەیلەسوفی سویسری لەم بارەیەوە دەڵێت:(ئەوەی جۆرە بونەوەرێك بە هۆی لەدایك بونی ناهاوسەنگ، هەستیی خۆی دەخاتە مەترسی، لە مێژووی سروشتی شتێکی نوی نییە ـ خاڵی ئیستسنائی ئەوەیە کە جۆری لە بونەوەرەکان، لە رێگای گەشەی خێرای خۆی نەك تەنیا بونەوەری خۆی،بەڵکو هەموو سنوری ژینگەی زەوی خستۆتە مەترسی)

٢. گونجانە سەرمایەداریەکان: دراوەکان ئەوە نیشان دەدەن پی بە پێی فراوان بوونی گونجانە سەرمایەداریەکان، وێرانی ژینگەش خێراییەکی بێوێنەی پەیداکردوە. ماتۆرو بزوتنی سیستەمی سەرمایەداری کە پێشبرکی لەسەر سودی زیاترە (بە دروست بوونی سیستەمی بەرهەم هێنانی کۆمەڵ بە مەبەستی خەرج کردنی کۆمەڵ و بە وەدیهێنانی کۆمەڵگای خەرجکەر) فەرامۆش کردنی ژینگە،کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خستۆتە بەر بەرداشی کارەساتی پیسی ژینگە. هەندی لە پێشنیارەکان بۆ پاراستنی ژینگە بە تایبەتی لە وولاْتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان (ئەویش لە باکوری ئەوروپا) ـ بە پێچەوانەی بیروڕای لایەنگرانی ئەو رژێمانە ـ ناتوانین بڵێین ئەو وولاْتە. بزوێنەری یەکەم ئەنجامی هۆشیاری کۆمەلاْیەتی و ململانێی هاوولاْتیانی ئەو وولاْتانەیە.لەو وولاْتانەی کە ئەو دوو هۆیە نەبوون یا لاواز بوون (وەکو وولاْتەکانی جیهانی سێیەم یا وولاْتە پیشەسازیە نوێیەکانی وەکو بەرازیل و مەکسیك) مەنتیقی سیستەمی سەرمایەداری بی گوێدان بە هیچ جۆرە هاوسەنگیە ژینگەییەکان حوکمرانی دەکات. ئەوە هۆی وێرانکردنی ژینگەیە لە وولاْتە سەرمایەدارەکان .لە وولاْتە پیشەسازیەکانی تریش کە سیستەمی سیاسی ـ ئابووری سەرمایەداری پێشکەوتویان نەبوە و نییە(وەکو وولاْتە سۆشیالیستیە کۆنەکان)لەگەڵ ئەوەی کە جیاوازن لە رژێمدا، وێرانکاریەکانی ژینگە سەربە

©KurdistanNet

هەمان رژێمی سەرمایەدارییە.وولاّتە سۆشیالیستەکان کە پێشبرکێیەکی سەیریان لەگەلّ وولاّتە سەرمایەدارەکان کردبووە ئامانجی خۆیان. کۆششیان دەکرد لە هەموو لایەنێکدا بکەونە پێش ئەو وولاّتانە. هەر لەسەر ئەو بنەرەتەش، ترازوی بەرهەمهێنان و خەرجکردن (بەرهەمهێنان و خەرجکردن بە گشتي) جێگای (گەشەی سوسیالیستي) گرتبووەوە. ئەو پێشبرکێیە بووە کێبەرکێیەك کە ئەنجامە کۆتاییەکەی بریتی بوو لە تێکچوونی سەرسورهێنەری سروشت و مانەوەی ژینگەیەکی وێران کە دەکری وەکو نمونەیەك باسی دەریاچەی (ئارال) بکەین لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کە بە هۆی بەکارهێنانی نارێك بۆ ئاودانی مەزراکانی چاندنی پەمۆ ووشك بوو. وون بوونی دیموکراسی و نەبوونی بونیادەکانی کۆمەلگای مەدەنی لەو وولاّتانەدا بوەهۆی ئەوەی کە سیاسەتەکانی وێرانکردنی ژینگە بەبی هیچ(پێشگیریەك)ی رەخنەگران بەرەو پێش ببرێت.

٣. شێوەی تێروانینی مرۆڤ: ترس لە تورەبوونی سروشت و خەونی سەرکەوتن بەسەر سروشت غەریزەیەکە مرۆڤ لە سەردەمی درندەییەوە بەدوایخۆیدا دەیکێشی،لە سەدەی بیستەم مرۆڤ بە شێوەی جۆراوجۆر تەپلّی جەنگی لێدا لەگەلّ سروشت و هەولّیدا سروشت گوێرایەلّی خۆی بکات؛ تەگەرە سروشتیەکانی یەك لە دوای یەك لەسەر رێگا هەلگرت، هێزی کێشکردنی دەستەمۆ کرد ... لەم بارەیەوەش ووتەیەکی ئەکادیمی روسی (گئۆرکی ئارباتف) جێی خۆیەتی. دەلّێ:((ماوەیەکی زۆر نییە کە لە شەقامەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دروشمەکانی وەکو(ئێمە دەبی مافی خۆمان لە سروشت بسێنین)،(سەرکەون بەسەر سروشت)،(سروشت ئازاد بکەن) بەرچاو دەکەویت.))

ئەنجامی ئەو سەرکەوتنەی مرۆڤ بە سەر سروشت شتێك نەبووە جگە لە خراپکردنی خانەی سروشت بەسەر خۆیدا.

ئەمەشمان لەبیر نەچێت رۆشنبیری هەندی لە زانایان، لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم دەتوانری گەواهیەکی بەرچاو و گۆرانکاریەکی قولّ بێت سەبارەت بە هۆشیاری مرۆڤ بۆ ژینگە،ئەم هۆشیاریەش خۆی لە دروست کردنی هەندی دەزگای پاراستنی ژینگەدا دەبینێتەوە لە وولاّتە پێشکەوتوەکان و سەرمایەدارەکان، دەزگاي(ئاشتی سەوز)و بزوتنەوەی مەزنی کۆمەلاّیەتی وەکو(بزوتنەوەی سەوز) گەواهی ئەم راستیەن. ئەم دەزگایانە سەرنج و هەستی رای گشتی رادەکێشن بەرەو پاراستنی ژینگە، هەروەها دانانی یاسا بۆ پاراستنی ژینگە تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش گۆرانکاریەکی چاك بوو لە هەندی وولاّتدا.

## پ ـ سەدەی زانست.

رەنگە بتوانین سەدەی بیستەم بە سەدەی دەستەلاّتداری زانست ناوبنێین؛ نەك لە لایەن جێکەوتنی زانست لە بیروڕای خەلّك بەلّکو بە هۆی بەرفراوانی و دەستکەوتەکانی زانست لە ژیانی مرۆڤ. بە سەرکەوتنی عەقلانیەتی پیشەسازی و ئێستاش پۆست پیشەشازی،زانست پلەیەکی بەرزی بەدەستهێناوە لە کلتوری کۆمەلاّیەتی مرۆڤ و بۆتە هۆی دیاریکەری پێوەر و داوەر لە کۆمەلگا زانستیە مۆدێرنەکان. هیچ کات دوری نێوان ئەزمونەکانی زانایان و مالّەکانی خەلّك ئاسایی هێندە کەم نەبووە. سەدەی کە کۆتایی هات پڕبوو لە دەستکەوتی زانستی و هونەری کە ژیانی مرۆڤیان سەرەوبن کرد؛ بە جۆرێك لە ژێر کاریگەری ئەو داهێنان و هونەرانە تەنانەت هەندی وەختی مێژووش بەو داهێنانانە ناو نراوە. هێشتاش ناوەکانی وەکو سەردەمی (ئەتۆم)،(سەردەمی ئاسمان) و .. لە گوێماندا دەنگ دەداتەوە. کورتی دوری نێوان داهێنان و دۆزراوەکان لە

سەدەی بیستەم لە تەواوی درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بی وێنە بووە. لە خوارەوە هەندی لە گرنگترین لوتکەکانی پێگەیشتن (تكامل) ی زانستی لە سەدەی بیستەم دەژمێررێن.

## شۆڕشی فیزیا:

سەدەی بیستەم سەدەی شۆرشی فیزیایی بوو. هیچ زانستێکی تر هێندەی فیزیا لە سەدەی رابردوودا لە شێوەی تێروانین و شێوەی ژیانی مرۆڤ جۆراوجۆری بونیادی دروست نەکرد. لە ساڵی1900 (ماکس پلانك) گریمانی کوانتیۆمی بۆ رونکردنەوەی هۆی رەفتاری تیشك و ووزە هێنا ئاراوە و بە هێنانە ئارای ئەو گریمانە. پێشەکی فیزیای نوێی فەراهەم کرد.

لە ساڵی 1905 (ئالبێرت ئەنشتاین) بە داهێنانی تیۆری رێژەیی،سیستەمی نیوتنی تێکداو شۆڕشێکی کاتی و شوێنی لە یۆتۆپیای مرۆڤ دروست کرد کە دامەنی کاریگەریەکەی تا کۆتایی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. بەم شێوەیە بینای دابەش بوونی کاتی و شوێنی تێکچوو رێژەیی جێگیر بوو.

کاریگەریەکانی فەلسەفی و ئەندێشەیی تیۆری رێژەیی لە کاریگەریە زانستی و ئابووریەکان کەمتر نیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

لە ساڵی 1913(نیلز بوهر) گریمانی رێژەیی بۆ روونکردنەوەی رەفتاری ئەلەکترۆنەکان بەکارهێنا و نمونەی یەکەمی بۆ ئەتۆم بەکارهێنا کە تا ئەمرۆش سودی لی وەردەگیرێت. لە بەردەوامی لێکۆڵینەوە هەستەییەکان (ئنریکۆ فۆرمي) لە ساڵی 1942 توانی یەکەمین کاردانەوەی هەستەیی کۆنترۆڵ کراو ئەنجام بدا. لەو بەروارەوە تا دروست کردنی یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی سی ساڵ درێژەی نەکێشا. بە هەبوونی بۆمبی ئەتۆمی و پاشان سود وەرگرتن لە کاردانەوە هەستەیی بۆ دروستکردنی ووزە،(سەردەمی ئەتۆم) دەستپێکرد؛ سەردەمی کە سێبەری ترسێکی گەورەی خستە سەر ژیانی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا مەشخەڵی ئۆمێدی هەڵگیرساند بۆ ژیانێکی باشتر. هەروەها تیۆری رێژەیی رێگای مرۆڤی خۆش کرد بۆ دەرچوون لە قاوغە زەمینیەکەی.

پەنجا ساڵ دوای یەکەمین فرینی (برادران رایت) بە هۆی ئامێرێکی ماتۆڕي(1903) یەکەمین مانگی دەستکردی ئسپوتنیك نێررایە خولگەی گۆی زەوي(1957).

بەم شێوەیەش (سەردەمی ئاسمان) دەستپێکرد کە لەو بەینەشدا (یوری گاگارین) بۆ یەکەمین جار خەونی سەدساڵەی مرۆڤی بەجێهێنا و بۆ بۆشایی ئاسمان گەشتیکرد(8) . ساڵ دوای ئەوە (ئارم سترۆنگ) لە ساڵی 1969 پێی نایە سەر مانگ. رووداوەکانی وەکو دروستکردنی بنکەی ئاسمانی (میر) و هەروەها هەڵنیشتنی (رێگادۆز) لەسەر گۆی مەریخ وەرزێکی نوی بوو لە سەردەمی ئاسمان.

لە ئەنجامی دەستکەوتەکانی زانستی فیزیا،ئەم زانستە لە کۆتایی سەدەی بیستەم وەکو ساڵەکانی سەرەتای سەدەی پێشتر روبەروی قەیرانی گەشە بۆتەوە. هەندی لە دۆزراوە زانستی و تاقیگەییەکان گەیشتۆتە هەندی ئەنجام کە لەگەڵ ئەنجامەکانی چاوەڕوانکراو لەسەر بنەمای تیۆرە گشتیەکان یەك ناگرێتەوە. لەوانە تەرازووی ماددەی بینراو لە بۆشایی ئاسماندا کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانکراو هێندە نییە کە بتوانی بە کێشی خۆی گەردیلەو ئەو گازانەی کە ـ پلەی گەرمیان ملیۆنەها پلەی سەدیە و تازە لە بۆشاییە مەزنەکەی

ئاسماندا دۆزراونەتەوە ـ بۆ ماوەیەکی درێژ وەکو پەڵە هەورێك لەتەنیشت یەك راگرێت. ئەم راستیە بۆتە هۆی دۆزینەوەی گریمانی بوونی (ماددەی رەش) لە لایەن هەندی لە فیزیازانان.

نمونەی سەرسورهێنەری تر،ئەو ئەزمونانەن کە زانایان بەهۆیەوە توانیان دەستیان بگاتە گواستنەوەی زانیاری بە خێرایی چەندین بەرابەری خێرایی تیشك لەم بارەیەوەش دەتوانری ئاماژە بە ئەزمونەکانی پرۆفیسۆر(گۆنتەر نیمتس)لە زانستگای کۆڵن بە شەپۆلی رادیۆیی و ئەزمونەکانی پرۆفیسۆر(کرانتس) (Ferenc Kranz) لە زانستگای بەرلین بە لیزەر، ئەزمونەکانی (ئانتۆن تسیلینگر) (Anton Zeilinger)لە زانستگای ئینسبروك و ئەزمونەکانی پرۆفیسۆر(شیائۆ)(Raymond Y. Chiao) لە زانکۆی بەرکلی ئاماژەی بە فۆتۆن کرد. ئەم زانایە لەو باوەڕەدایە کە بە پەیدا بوونی لیزەر لە دەیەی 60 ی سەدەی بیستەم لە لایەنی تیۆریەوە ئەگەری هەژماردنی خێراییەکانی خێراتر لە خێرایی تیشك هاتە ئاراوە. بەڵام بە هۆی ئەو باوەڕەی کە خێرایی تیشك وەدەست ناهێنرێت ئەو بابەتە بی دەنگ وازی لی هێنرا.

### ئەنفۆرماتیك.

شوێنپێی کاریگەری زانستی فیزیا لە بەرفراوانکردنی ئەنفۆرماتیك دەکری ببینری. بە بەرەکەتی ئەو گۆڕانکاریانەی کە زانستی فیزیا (نیوەگەینەر)ەکانی دروست کرد و لە ئەنجامی ئەو داهێنانەشدا ترانزیستەر، ئەمەش بوە هۆی داهێنانی کۆمپیوتەر و لە کۆتایی سەدەی بیستەم زانستێکی تر هاتە ئاراوە بە ناوی ئەنفۆرماتیك.

ئیتر بەم شێوەیە زەمینەیەك بۆ شۆڕشی دیجیتالی رەخسا. ئەم شۆڕشەش لە کۆتایی سەدەی بیستەم هاتنە ئارای تۆڕی ئەنتەرنێتی بەدواوە بوو.

ئەگەرچی سەرەتا کۆمپیوتەر بە مەبەستی سەربازی داهێنرا. ئەمرۆ لە زۆربەی ئامێرە ئاساییەکان بەکار هێنراوە؛ هەر لە ئۆتۆمبیلەوە بگرە تا کامیرای وێنەگری،لە جلشۆر بگرە تا کاتژمێری دەستي؛ لە لەیستۆکی منداڵانەوە بگرە تا دەزگای تەلەفۆن.

شۆڕشی ئەلەکترۆنی بە دروست بوونی گۆڕانکاری قوڵ لە بەڕێوەبردن و دەزگای کار و سیستەمی بەرهەم هێنان و دابەش کردن، کلتوری کاری مرۆڤی جۆراوجۆر کردوە. دروست کردنی (روبات) (ئینسان ئالي) لە سەدەی بیستەم بەجێهێنانی بەشێك لە خەونە دێرینەکانی مرۆڤ بوو کە لە رێگای شۆڕشی ئەلەکترۆنی مەیسەر بووە. شۆڕشی ئەنفۆرماتیك و زانیاری ـ کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێشتا لە سەرەتایە ـ نزیك کردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ خێرایی گۆڕینەوەی زانیاری و پەیوەندی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان لەگەڵ یەکتری بەشێوەیەك گۆڕیوە کە ئەمرۆ بە چەمکی (دێی جیهاني) بۆ لێکچواندنی تەسکی جیهان سودی لێوەردەگیرێت. چەمکەکانی وەکو کار لە دورەوە (teleworking)کۆنفرانسە ڤیدیۆییەکانی، سود وەرگرتن لە وەکویەك دروستکردنەکانی کۆمپیوتەر لە هێلکاری و بەرهەم هێنان،کار لە کەشی مەجازي(syber space) و کار بە شتە راستە مەجازیەکان(virtual reality)زێرینێکە لە دەزگای کار و ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە لە داهاتوودا.

هونەری تۆرەکانی کۆمپیوتەری ـ (واڵتەر سیمرل)ی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی گوتەنی بۆتە هۆی گۆڕانی پارادایمی ئەندێشە و کرداری مرۆڤ ـ زۆر لە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی روبەڕوی شەرێکی گەورەی کردەوە. رەفتاری رژێمە بە تواناکان لەگەڵ ئەنتەرنێت نمونەیەکە لەو شەرە. گەشەی خێراو بە پەلەی زانیاریەکان نەك تەنیا سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کردوە بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ

لەلای دیواری سنورە سروشتیەکان بوەستی. وەکو نمونەیەك بە گوێرەی یاسای(مور) ـ کە لە ساڵی 1965 لە لایەن فیزیازانی ئینگلیزی (گۆردۆن مور) لە بارەی میناتۆر بوونی داتاشینی گـۆمپیوتەرەکان دانراوە.هەر 18 مانگ جارێك ئەندازەی سورەکانی یەکپارچەو نیو، لە جیاتی ئەوە ژمارەی ترانسیزتەرەکانی سەری دووئەوەندە دەکرێن. بەڵام ئێستا بە گوێرەی ئاماری زانایانی کۆمپانیای (Bell Laboratones) تەکامولی داتاشینەکانی کۆمپیوتەریی لە ساڵی 2012 دەگاتە راددەی سروشتی خۆی و ئیتر سوری یەکپارچە بچوکتر بونەوەی مەحاڵە. بە گوێرەی ئەو ئامارانە لەو بەروارەدا بچوکترین توخمی ناو ئەو داتاشینانە واتە نەگەینەری پێکهاتووە لە دی ئۆکسید سیلیکین و ئەستوریەکەی لە نێوان 0.8 تا 1.3 نانۆمەتر دەبێت.لەو حاڵەتەشدا نەگەینەر لە چوار پارچەی زۆر بچوك پێکدی کە لەوانەش تەنیا دوو دانە سودی لێوەردەگیرێت.
بەم شێوەیە هونەرەکانی ئێستا لەوکات دەگەنە بۆنبەست و رێگای بەرفراوانی و پێشکەوتنیان نامێنی.

### ژیانزانی.

لە بەرفراوانی ژیانزانیش سەدەی بیستەم پراوپری دەستکەوتی سەرسورهێنەر بوو. لە ساڵی 1910(تۆماس مورگان) سەلماندنی کە بۆهێڵەکان هەڵگری یەکەی بۆماوەیین و لە درێژەی پێکهاتەکانی خانەیی جێگیر بوون کە پێیان دەڵێن کرۆمۆزۆم. لە ساڵی 1953زانایانی بەریتانی (جیمس واتسۆن) و (فرانسیس کریك) یەکەمین نمونەی (D.N.A)یان دۆزیەوە. ئەو دۆزینەوە مەزنە کلیلی کردنەوەی قوفلی هێمایی بینای فرە پێچاوپێچی لەشی مرۆڤ بوو. لە ساڵی 1978 بە سودوەرگرتن لە ئەنزیمەکان بوو ئارایشی سەرلەنوێی بۆهێڵەکان. ئەندازیاریی بۆهێڵ پێیان نایە سەردەمی هەبوون. هەرلەسەر بنەرەتی ئەو دەستکەوتانە بوو کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1996 لێکۆڵەرەوانی ئینگلیزی (کیت کامپل و ئیان ویلمۆت) یەکەمین (لێکچواندن)یان لەسەر مەڕ ئەزماند بە ناوی (دالي). بەو کارە کە ترسی خستە دڵی هەندی لە کۆمەڵگا زانستیەکان. مرۆڤیشی روبەڕوی شەڕێکی ئەخلاقی گەورە کردەوە.

## ت ـ سەردەمی گۆڕانکاریە بێوێنەکانی کۆمەڵایەتی.

لە سەدەی بیستەم کۆمەڵگای مرۆڤ جۆراوجۆریەکی کۆمەڵایەتی قوڵ و بە پەلەو هەناسەتەنگی بەخۆوە بینی. لەم سەدەیەدا ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی بە جۆرێکی تەقینەوە گەشەی کرد. ئەگەر لە ساڵی 1930 دانیشتوانی جیهان پتر لە دوو ملیارد کەس بوو، ئەوا لە ساڵي1999 گەیشتە پتر لە شەش ملیارد کەس. بەشی زۆری ئەو گەشە کردنە لە وولاتەکانی جیهانی سێیەم بووە، کە خاوەنی زۆریی دانیشتوان و کەمیی ئابووری جیهانن.

وەکو نمونەیەك،گەشەی دانیشتوانی ئەفغانستان 6.7 لەسەدایە. ژمارەی دانیشتوانی ئێران کە پێش 51ساڵ واتە ساڵی 1950، 16.4 ملیۆن کەس بوو ئێستا گەیشتۆتە 65 ملیۆن کەس.دانیشتوانی بەرازیل هەرلەو ماوەیەدا 53ملیۆن کەس گەیشتە 195 ملیۆن کەس.

یەکی لە ئەنجامەکانی دیاردەی گەشەی دانیشتوان لە وولاتەکانی جیهانی سێیەم و هەژار، کۆچی فراوانە لە هەرێمە بی بەش و هەژارەکان بۆ هەرێمە خۆشگوزەران و سەرمایەدارەکان لە ناو یەك وولات و لە وولاتە هەژارەکانی باشوور بۆ وولاتە دەوڵەمەندەکانی باکوور.

ئەنجامی دیاری ئەو رەوشە لە وولاتە گەشەکەرەکان چۆڵ کردنی دێیەکان و گەشەی چری دانیسشتوانی شارەکانە. ساڵانە 250هەزار هاووڵاتی نوی دێنە ناو شاری (سائۆپۆلۆ)ی بەرازیل. بە گۆیرەی ئامار لە سەرەتای ساڵی 2000شارەکانی سائۆپۆلۆ 22.6،(بەمبەئي) 18.1،(لاگوس)13.5، (جاکارتا) 13.4،قاهیرە

©Kurdistan Net

13،تاران 12 و بەغدا 11 ملیۆن کەس ژمارەی دانیشتوانیان بووە. لە هەلومەرجەکانی نارێکی زیاد بوونی دانیشتوان و لە هەلومەرجەکانی نەبوونی ژێرخانە پێویستەکان. ئەمەش لە هەرێمە دواکەوتوەکان دەبێتە هۆی شەڕ و ململانی لە سەر سروشت. گرفتی کەم ئاوی ـ کە نیوەی گۆی زەوی تووشی بووە ـ بۆ نمونە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا گرفتی کەم ئاوی نەك تەنیا لە ناوەوەی وولاتەکان گرفت دروست دەکات. بەلکو دەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادان لە نێوان وولاتەکانی ئەو هەرێمە. دەکری ئاماژە بە ململانێی نێوان عێراق و سوریا بکەین دژ بە تورکیا لەسەر مەسەلەی دروست کردنی بەنداوی ئەتاتورك لە سەر روباری فورات و جەنگی ئیسرائیل لەگەل دراوسێیەکانی لەسەر بەرژەوەندیە ئاویەکانی سەدەی بیستەم.

بەم جۆرە زیاد بوونی دانیشتوان لە قالبی سیستەمی حاکمی جیهان لە سەدەی بیستەمدا بە مانای فراوان بوونی هەژاری،جەمسەر بەندی زیادکەر و توند بوونی پێکدادانە کۆمەلایەتی و نێودەولەتیەکان بووە.لێرەدا جەخت لەسەر بوونی سیستەمی جیهانیە،لەبەرئەوەی گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیەکان لە سەدەی بیستەم دا لە چوارچێوەی سیستەمی ئابووری ـ سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراو خۆی گونجاندوە و کێشەی دروست کردوە. سەردەمی مەهاتما گاندی،دانای بەناوبانگی هیندی گوتبووی:(لە جیهاندا وەکو پێویست پێداویستیە گشتیەکان هەن ـ بۆ ووروژاندنی نیازەکان ـ نەك بۆ دامرکاندنەوەی خواست و ئارەزوەکان) راستیەکە ئەوەیە کە مرۆڤ بە یارمەتی زانست و هونەر ئەگەری دابین کردنی پێویستیەکانی رۆژانەی خۆی هەیە بە گوێرەی دراوەکانی سروشت ئەمەش بۆ ژمارەیەکی پتر لە ئێستا.

ئەوەی کە گرفت دروست دەکات نیشاندنەوەی ئارەزوە چاولەدواکانی مرۆڤە کە لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسی ـ ئابووری و سەرمایەداری بونیاد نراوە. سەدەی بیستەم بەهەموو هەوراز و نشێوەکانیەوە مۆری سیستەمی سەرمایەداری بە تەوێلەوە بـو. کە هـەلـبەتـە ئـەو سیستەمەش لـە گەشەی سەرسوڕهێنەری دانیشتوان لە هیندستان لە ئەنجامی ئەو هەورازو نشێوەدا هەمەجۆریەکی جۆراوجۆری بەخۆوە دی.

لە سەرەتای سەدەی رابردوو سیستەمی دەستەلاتداری جیهانی، سیستەمی سەرمایەداری ئەوروپا بە پێکهاتە یاسایی و حقوقی یە لیبرالیەکەی بوو؛ سیستەمی کە لەو چەند وولاتە ئیمپریالیستیە ئەوروپاییە کە بیروراکانی خۆیان بەسەر وولاتە ژێردەستەکانیاندا دەسەپاند و لە پێشبرکێی خۆیان و فراوان کردنی قەلەمڕەوی خۆیان بەردەوام بوون. بە دیارخستنی قەیرانی بەرفراوانی سیاسی ـ ئابووری لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی،لە هەلگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی، و لاواز کردنی هێزە شەرکەرەکان لەم شەرەدا، خراپکردنی ژیانی کۆمەلی فراوانی خەلك لە وولاتە شەرکەرەکان. هەلگیرسانی مەشخەلی شۆڕش لە هەندی لەو وولاتانەدا بە پلەی هەلوێست و نارەزایی بەرانبەر بەردەوامی شەڕ ـ کە خالی لوتکەی ئەو شۆڕشانە شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەری 917 1ی روسیا بوو. یەکەمین زەبری لە سیستەمی بەمیرات گەری سەدەی نۆزدەهەم دا.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە خستنە دەرەوەی روسیا لە خولگەی سەرمایەداری روبەڕوی پێشوازیەکی گەرم و گەورەی وولاتە کۆلۆنیەکان و خەلکی لە شەڕ ماندوو بووەوە لە هەندی لە وولاتە ئەوروپیەکان. کاریگەری ئەوشۆڕشە بە زوویی هەموو جیهانی داگرت، کرێکارانی کارگەی تنباکۆی کوبا کە تەنیا چەند کەسێکیان دەیانزانی روسیا کەوتۆتە کوی،(شورا) یان پێکهێنا. لە سالی 918 1لە کوردوبا (ئەرژەنتین)و لە سالی 1919 لە پەکین لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بزوتنەوەی شۆڕگێری قوتابیان لە زانکۆکان پێکهات. شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بە هۆی پشتگیری سۆشیالیستە هۆلەندیەکان لەوانە(هنك سنڤلیت) (Henk Sneevliet) ئیلهامی گەورەترین گروپی کۆمەلەی ئەندەنوسی بە ناوی بوون (کۆمپانیای ئیسلام). رۆژنامەیەکی ناوخۆی تورکیا لە بارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر نوسی:((ئەو بزوتنەوەیە خەلکانی روس لە رۆژێکی جوان دا وەکو خۆر

هەڵهاتن و پرشنگی خۆیان بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا پەخش کرد)). لە دورترین خاڵی ئوستراليا ئاژەڵدارەکان کە بە گشتی کاتۆلیکی ئیرلەندی بوون و کەمتر سەریان لە بیردۆزە سیاسیەکان دەردەچوو. بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کرێکاری روسیا ئاهەنگیان گێرا. لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا فنلەندیەکان کە لە نێوان کۆچ کردوەکان باوەڕدارترین سۆشیالیستیەکان بوون، گروپ گروپ هاتنە ناو کۆمۆنیزم و چالاکانە بەشداری کۆڕو کۆبونەوەکانیان کرد، پیرە کۆمۆنیستێکی فنلەندی ئەو سەردەمە بەم جۆرە باسی ئەو کۆبونەوانە دەکات:(هەربە هێنانی ناوی لینین دڵ دەلەرزی.... و ئێمەش دەکەوتینە بێدەنگیەکی دەروێشانە .... هەرشتی لە روسیاوە بهاتبایە دەمانپەرست). لە ئێرانیش رۆشنبیران و بویژانی زۆری وەکو میرزا واعز کەیوانی، مەلك شوعەرای بەهار و دکتۆر مەتین دەفتەری کەوتنە سەنای شۆڕشی ئۆکتۆبەر.لەگەڵ ئەو هەموو

پشتگیریە فراوانانە لەگەڵ تەواو بوونی شەڕ چەشنی زۆربەی ئەو شۆڕش و بزوتنەوانە دەرهات کە لە راستیدا لە دژی بەردەوامی شەڕ پێکهاتبوون. چاوەڕوانی بەلشەفیەکان لەسەر بنەمای روداني (شۆڕشی جیهانی) نەهاتە کایەوە بۆیە بیردۆزدارێژەرانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناچارمان (بونیادی سوشیالیستی یەك وڵات) پەسەند بکەن. وەڵامی رۆژئاوا بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە لایەك هێرشی بەرفراوانی سەربازی و لە لایەکی تریش بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی توندرەوی و کە لە هێڵکاری 14 ی ماددەی ویلسۆن،سەرۆك کۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای ئەوکات رەنگی دایەوە، بەگوێرەی ئەو هێڵکاریە،رۆژئاوا پیشتیوانی ئەو وڵاتانە دەکات کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بوون لە(وڵاتانی دەروبەر) تا بەنداوێکی وڵاتە نەتەوەییەکان دروست بکات و پێشگیری بکات لە(بلاوبونەوەی ڤایرۆسی سور).

لەگەڵ ئەو قەیرانە سیاسیانەدا،سیستەمی ئابووری جیهانی سەرمایەداری بە پێچەوانەی چاوەڕوانی بیردۆزدارێژەرانی بۆرژوازی ـ کە لە ماوەی هەر خولێکی قەیران،مژدەی خولی پرشنگداری ئابووریان دەدا ـ لەگەڵ قەیرانی قوڵی ئابووریشدا روبەرو ببوەوە. ئەو قەیرانە تەنیا ئەورووپای وێران بووی جەنگی نەگرتەوە بەڵکو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشی گرتەوە هەرچەندە زیانێکی واشی لی نەکەوتبوو لەم شەڕەدا. لە نێوان ساڵەکانی 1927تا 1933 میزانی قەرز لە فراوانی نێودەوڵتیدا تا 90% پێشکەوتبوو.

قەیرانی ئابووری بە دارمانی بازاری بۆرسی نیویۆرك لە 29 October 1929 کەوتە قۆناغێکی حەساسەوە. لە ئەنجامی ئەو دارمانە یەك رۆژیەدا پارەی وڵاتە پێشکەوتوەکان بەهای خۆی لە دەست دا زۆر لە دەزگا ئابووری و بانکەکان تووشی شکەست بوون. دوای ئەوە، بە لەناوچوونی پاشکەوتە تایبەتەکان و سەرمایەی خاوەن سەهمەکان بۆشاییەك کەوتە بەرهەم هێنانی دەزگاکان،کە ئەوەش فرۆشیارەکانی بەرەو شکست برد. شەپۆلی بێکاری روی کردە ئەو وڵاتانەی کە ژیانی ئابووریان لەسەر بنەرەتی بازاری ئازاد دروست ببوو. لە نێوان ساڵەکانی 33-1932،22 تا 23 لەسەدای کرێکارانی بەلجیکا و بەریتانیا، 24لەسەدای کرێکارانی سوێدی و 27 لەسەدای کرێکارانی ئەمریکای باکور و 29لەسەدای کرێکارانی نەمسا و 31لە سەدای کرێکارانی نەرویجی و 32لە سەدای کرێکارانی دانیمارکی و 44 لە سەدای کرێکارانی ئەلمانی بێکار بوون بارستایی ئاڵوگۆڕی ئابووری جیهانی لە ساڵی 1929تا 1932 تا 60لەسەدا دابەزی.

**خشتەی ٣:بەشی وڵاتەکان لە ئابووری و بازرگانی جیهانی**

| | دانیشتوان | بەشیان لە ئابووری جیهان بە لە سەدا | بەشیان لە بازرگانی جیهان بە لە سەدا |
|---|---|---|---|
| وڵاتــە پصشــکەوتوە پیشەســازیەکان و وڵاتە پیشەسازیەکانی ئاسیای رۆژهەڵات | **15.7** | **55.3** | **77.1** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| وولاَتەكانی جیهانی سصیەم | 77.3 | 39.9 | 18.6 |
| وولاَتە چاكسازەكانی رۆژهەلاَتی ئەوروپا | 7 | 4.8 | 4.2 |

سەرنج راكێشەر ئەوەیە كە لەو بەینەدا، یەكێتی سۆڤیەت كە لە گونجانی سەرمایەداری جیا ببووەوە. لە بەلاَی قەیرانی خۆپاراستن مابووەوە و قۆناغی گەشە خێراكانی پیشەسازی دەگوزەراند. بەشی (سەهم)ی ئەو وولاَتە لە بەرهەم هێنانی جیهانیدا لە ساڵی 1929 لە %5 گەیشتە %18لە ساڵی 1938. مۆدێلی ئابووری سۆڤیەت لەو ساڵاَنەدا سەرنجی زۆربەی كۆمەڵە سەرمایەداریەكانی بۆخۆی كێش كرد و بوە بزوێنەرێك بۆ بەدواداچونەوە لە لایەن ئابووریەوە لە بازاری سەدەی نۆزدەم. هەربەم هۆیەش واژەی (بەرنامەی ئابووري)و(ئابووری لەسەر بنەمای بەرنامە) كەوتە ناو ئەدەبیاتی ئابووریزانان. تەنانەت هەندی لە ئابووریزانانی ریفۆرمیست لەو باوەڕەدا بوون كە سەرمایەداری لە بەرەو نەماندایە. بۆ نمونە (ورنر سومبارت)لە ساڵي 1 932(ئابوری بەرنامەرێژي) ی بە پلەی تەنیا (ئەندێشەی بونیادی ئاینده) شرۆڤە دەكرد كە لێرەو لەوی هەندی خاسیەتی سەرمایەداری هەیە و بە هۆي(ئیرادەی پلان دارژراو،بە هێز،یەكگرتوو،ئامانجدار و روون بە مەبەستی دانانی دیسپلینێكی نوێی ژیانی ئابووري) بەرێوەیە.

وولاَتە سەرمایەدارەكان یەك لە دوای یەك دەهاتنە سەر ئەو باوەڕەی كە لە رێگای دروست كردنی دیواری پاراستن،ئابووری خۆیان لە بەرانبەر لافاوی ئابووری جیهان بپارێزن. وەكو دیارترین نمونە لە ساڵي 1931 بەریتانیا ئەو ئاڵوگۆڕە ئازادەی نەهێشت كە لە ساڵي(1840)ەوە وەكو ناسنامەی ئابووری ئەو وولاَتە لەقەڵەم دەدرا،لەو كەشوهەوایەدا رژێمی بەرەو نابوودی سەدەی نۆزدەهەمی روبەروی ململانێیەكی دوولایەنە ببووەوە:لە لایەك رژێمی بەرەو گەشەی سوڤیەت وەكــو ئەلتەرناتیڤێكی چاك و راستەقینەی رژێمی سەرمایەداری،لە لایەكی تر هەندی وولاَتی سەرمایەداری،كە لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەكەم و بەشیان لە سیستەمی جیهانی نارازی بوون، بۆ نەهێشتنی ئاسەواری قەیرانی جیهانی فراوان رویان كردبوە رێگاچارەیەكی میللی. لە ناخی ئەو دوو بیرۆكەیەدا، دوو ئایدیۆلۆژیا سەریان دەرهێنا: یەكی ئایدیۆلۆژیای ماركسی لینینی و ئەوی تریش ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی و نەژاد پەرستي(نازیزم و فاشیزم) ئەمەش بوە یەكی لە هۆیەكانی جەنگی جیهانی دووەم.

جەنگی جیهانی دووەم خاڵێكی كۆتایی بۆ سیستەمی ئابووری جیهانی و میراتی سەدەی نۆزدەهەم دانا. ئیئتلافی پێكهاتوو لە نێوان یەكێتی سۆڤیەت و جەمسەری ئانگلوساكسۆن ـ كە رۆڵی گۆڕهەڵكەنەی دی بۆ فاشیزم و سیستەمی جیهانی كۆن ـ لە كۆنفرانسی تاران، یالتا و پوتسدام بەردی بناغەی سیستەمی نوێی جیهانیان دانا.كە نزیكەی نیو سەدە درێژەی كێشا. ئەو سیستەمە نوێیە لە چەند لایەنەوە جیاوازیەكی نەوعی هەبوو لەگەڵ سیستەمی دەستەلاَتداری دەیەكانی سەرەتای سەدەی بیستەم:

سەرەتا لە خۆڵەمێشی سیستەمی ئەوروپا ـ تەوەری پێشتر،سیستەمێكی دوو جەمسەری سەری هەڵدا. لە كاتی كە جەنگی دووەم لە رۆژهەلاَت تا رۆژئاوای ئەوروپــای كردبــووە كـــەلاوە، وولاَتــە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بە ئابووریە مەزن و زیان نەدیوەكەی بەناونیشانی هەوری توانای جیهانی سەرمایەداری پێی نایە جیهانی فراوان. لەلایەكی تر یەكێتی سۆڤیەت لەگەڵ زیانە قورسەكانیەوە. بە خستنە ئەستۆی بەشی گرنگی باری جەنگی دووەم و بە هۆی بەشداری سەربازی فرەی لە زۆربەی وولاَتەكانی رۆژهەلاَتی ئەوروپا، بەناونیشانی هەوری هێزی نوێی ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سەرمایەداری پێی نایە نا سیاسەتی جیهانی.

©KurdistanNet

((زلهێزەکان)) پێشتر کە تەواویان ئەوروپایی بوون یا نەمان یانیش بوونە هێزی پلە دوو. تەواوی وولاٚتەکانیش لە گۆرەپان کێشرانە لای هەردوو جەمسەرە نوێیەکە، جا یا ئەملا یا ئەولا.

دووەم،لە سیستەمی ئابووری جیهان گۆرانکاریەك دروست بوو، لە لایەك گروپێك لە وولاٚتە نوێیەکان کە ئابووریان لەگەڵ سەرمایەداری هەڵنەدەسورا. لەلایەکی تر وولاٚتە سەرمایەدارەکانیش دەستیان کردە ئیسلاحێکی بەرفراوان لە سیستەمی ئابووری خۆیان هەندی لە سیاسەتە کۆمەلاٚیەتیەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی بەرنامەی ئابووری خۆیان گونجاند.چەمکەکانی وەکو(دەولەتی خۆشگوزەران)ی (کینزي)، ((سیاسەتەکانی پاراستنانە))و .. بەرهەمی ئەو گۆرانکاریانەن.

سێیەم،پێشبرکێی وولاٚتەکان لە سیستەمی جیهانی خاسیەتیگـی نوێی بەخۆوە گرت.

ئـــــەو پێشبرکێیە ئیتر تەنیا کێشمەکێشی ئابووری ـ سیاســی لە سەر دابەش کردنی بازار و پەیدا کردنی کریار نەبوو لە چوارچێوەی سەرمایەداری. بەڵکو بە پەیدا بوونی ئەلتەرناتیڤی ((سۆشیالیستي)) مەسەلەی بوون و نەبوونی سەرمایەداری هاتە ئاراوە. لە سیستەمی نوی،پێشبرکێیەکان هەموو لایەنەکانی گرتەوە سیاسی و سەربازی و کلتوری هتد... لەو پێشبرکێیە هەمەلایەنە کە بە ((جەنگی سارد)) ناوبانگی دەرکرد، بووە هۆی ئەوەی کە کەشی سەربازی دەستەلاٚتی بەسەر جیهان دابگرێت و لە هەردوو لایەنی دژبەیەك دەزگا نادیموکراتیەکانی وەکو (دەزگا جاسوسی و کۆمەڵە شاراوەکان و، گروپە بەهێزە شاراوەکان) سەربکەون بەسەر دام و دەزگا دەوڵەتیەکان و شێوە نا دیموکراتیەکانی وەکو (شاردنەوەی راستیەکان لە هاوولاٚتیان،و شوشتنەوەی مێشکی خەڵك، و لایەنگری کردن لە رژێمە دیکتاتۆریەکان) بەکار بهێنن.

لە لایەنی سیاسی،لەژێر کاریگەري((جەنگی سارد)) لایەنە سەرمایەداریەکان ناچار بوون پێشوازی لە بزوتنەوە سۆسیال دیموکراتیەکان بکەن لە چوارچێوەی هێزە سیاسیەکاندا. و ئەنجا شەر کەوتە نێوان ئۆردوگای (سۆشیالیستي) و ئۆردوگای (سەرمایەداري) و سەرەنجام بوە هۆی نابود کردنی سیستەمی کۆنی ئیستعماری. لە ساڵی 1961تا 1980 بەگشتی پتر لە 165 ملیۆن مرۆڤ و 10 ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە قاڵبي 57وولاٚت رزگار بوون لە ئیستیعماری کۆن. لەوانە 10 وولاٚت لە ئاسیا،و 24 وولاٚت لە ئەفریقیا،و 13 وولاٚت لە ئەمریکا،و 9وولاٚت لە ئۆقیانوسیەکان.

لە لایەنی تیۆریەوە، ئایدیۆلۆژیە لیبرالیە بۆرژوازیەکان،لیبرالیزمی نوی و دیموکراتی مارکسی ـ لینینی بە پلەی بەرفراوانترین ئایدیۆلۆژیەکانی سەدەی بیستەم کەوتنە یەك ریز. لە ئایندەی سەقامگیری سیستەمی نوێی جیهانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، تیۆردارێژەرانی لیبرالی نوی، کەوتنە شەرێکی فراوان لەگەڵ تیۆرە سۆشیالیستی و هەر تیۆرێکی تری کە لایەنی کۆمەلاٚیەتی پێوەدیار بی ـ وەکو دەوڵەتی خۆشگوزەران. رەنگە بتوانین (هایك ـ Hayek) بە سەرقافڵەی ئەو تیۆردارێژەرانە دابنێین. ئەو کە لە دەیەی 1930 لە قوتابخانەی ئابووری لەندەن لە گەڵ (جان مینارد کینز) دەکەوتنە گفتوگۆ دەربارەی (رۆڵی دەولەت لە ئابووریدا) پێی وابوو هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەولەت لە بازاری ئازاد دەبێتە هۆی نزم کردنەوەی کارایی سیستەمی ئابووری. ئەو لە ساڵي 1944لە نوسینێکدا، نەك تەنیا یەکسانیە گشتیەکانی سۆشیالیستی، بەڵکو تەنانەت دەستێوەردانەکانی دەولەتی ـ تیۆرەکانی کینز ـ ی بە ((رێگایەك بەرەو کۆیلەیي)) راگەیاند. هایك کە سەرکەوتنی دەولەتی خۆشگوزەرانی کینز ی وەکو نمونەی تیۆری لە وولاٚتە پیشەسازیەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بینیبوو. لە نیسانی 1947 لە سویسرا لەگەڵ هەندی لە لیبراله بازاریەکان دەستیان کردە دامەزراندنی تیپی (مون پلرین ـ Mont Pelerin) لە دژی (کۆمەلاٚیەتیەکان). لە وولاٚتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکی لە پروپاگەندەکەرە سەرەکیەکانی ئەندێشەی هایك پرۆفیسۆر ((میلتۆن فریدمن)) پروفیسۆری

©KurdistanNet

زانكۆی شیكاگۆ بوو كە بە تیۆری پارە خودی وانەكانی(كینز)ی خستە ژێر دژایەتی. بە گوێرەی باوەڕەكانی ئەو، كاری دەوڵەت جگە لە دابین كردنی گەشەی قەبارەی پارە كارێكی تری نییە. لەو باوەڕە دابوو كە دەبی ئاستی پارەی ڕۆژانەكان بەبی بەشداری سەندیكا و بە گوێرەی باری بازار دیار بكرێت. لە دیدی ئەو دابین كردنی كۆمەڵایەتی،تەندروستی،فێركردن دەبی بەزۆر بێت تەنیا سنوردار كردنی ماددە سركەرەكانیش دەبی لابرێت. ئەو هەموو ئەوانەی بۆ ((ڕێگاچارەكانی سۆشیالیستی)) بۆ بەرهەم هێنان و دابەش كردن لە قەڵەم دەدا. ڕێكەوت نییە كە ئەو تیۆرە سەرنجی زۆربەی دیكتاتۆری وولاتەكانی جیهانی سێیەمی بۆ خۆی ڕاكێشا. لە نێوانیاندا پینۆشە لە ڕێنماییەكانی قوتابخانەی شیكاگۆ سودێكی گەورەو فراوانی وەرگرتوە.

لە ئەنجامی هۆكارە جۆراوجۆرەكانی دەیەی 1970 تیۆرەكانی لیبرالی سەركەوتن بەسەر زانستی ئابووری بۆرژوازی و لە نێوان ئەم دەیەیەدا، ئەم تیۆرانە كەم كەم دەستەڵاتی سیاسیان گرتە دەست تەنانەت لە جەمسەرە سەرمایەداریەكانیش.

دەوڵەتی تاتشەر لە بەریتانیا یەكەمین دەوڵەتی ئیمپریالیستی بوو كە تیۆرەكانی لیبرالی نوێی كردە بەرنامەی بنەڕەتی خۆی. خاتوو تاتشەر لە شوێنێكی بیرەوەریەكانی سەرسورمانی خۆی سەبارەت بە ئەندێشەكانی هایك دەربریوە و بە بەدواداچونی بەرنامەی لیبرالی نوی هێندە جددیەتێكی بێوێنە نیشان دەدات كە ((تاتشەریزم)) گەیشتە پلەی سیمبۆلی بەكارهێنانی لیبرالی نوی لە ئەدەبیاتی سیاسی و ئابووری. لە وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لیبرالی نوی لە دەیەی 1980لەگەڵ هاتنە سەر كاری دەوڵەتی (ریگان) پشتی بە هێزی دەولەتەوە دا و بەم شێوەیە ئەمەش بووە ئامێرێك بۆ بەهێز بوونی ئەمریكا لەسەر تەواوی جیهان.

بەڵام هۆی هێرشە سەركەوتوەكانی ئەندێشەی لیبرالی نوی تەنیا لە پلانەكانی تیپی(مون پلرین) و لایەنە بە هێزەكانی سیاسی ـ ئابووری نابینری، بەڵكو یەكی لە سەركەوتنەكانی تیۆری لیبرالی نوی لە كۆتایی دەیەی 1970ئەوەبوو كە هەموو تیۆرەكانی تری ئابووری ـ سیاسی گەیشتبوونە بۆمبەست. لە لایەك دەولەتەكانی (خۆشگوزەرانی نەتەوەیی) لە وولاتە پیشەسازیە پێشكەوتوەكان لە چارەسەری قەیرانە (ئابووری ـ كۆمەڵایەتی) یەكان بێچارە مان، بەتایبەتیش لە گرفتی بێكاری و قەرزە مەزنەكانیان.

لە لایەكی دی وولاتە بەنـــاو (سۆشیالیستەكان) تووشی قەیرانێكی درێژخایەنی ئابووری بوون. ئەگەر تا دەیەی 1960 بەرنامە ئابووریەكانی سیستەمی سۆڤیەت جێگەی نیگەرانی لایەنە ڕۆژئاواكان بوو ـ بە شێوەیەك كە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە گفتوگۆیەكیدا لەگەڵ سەرۆك كۆماری ئەوكاتەی ئەمریكا، یەكێتی سۆڤیەتی وا باس دەكرد ((ئابووریە پێشكەوتووەكەی ـ بەم زوانە سەردەكەوی بەسەر كۆمەڵگای سەرمایەداری و دەكەوێتە ریزی پێشەوەی پێشبركێی خۆشگوزەرانی ماددي)) ـ لە كۆتاییەكانی دەیەی 1960و بە تایبەتیش دەیەی 1970 هێزی بزوێنەری ئابووری بەناو (سۆشیالیستي) كەم كەم توانای خۆی لە دەست دا و گەیشتە جۆرە وەستانێك. بەم شێوەیەش تیۆرەكانی ((ئابووری مەزن)) كە لە سەر بنەڕەتی شێوەی بەرنامەییانەی دەولەتی و لایەنگیری گشتی كۆمەڵایەتی، دوای جەنگی دووەمی جیهانی كەوتبوە حوكمرانی بەسەر هەردوو جەمسەری بەهێزی جیهان، تووشی شكست بوو. بەو قەیرانە، نارەزایی فرەی كۆمەڵ كۆمەڵ چ لە ڕۆژئاوا (بزوتنەوەی قوتابیانی دەیەي(1960 چ لە خۆرهەڵات (خۆپێشاندانەكان لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات،هەنگاریاو چیكسلۆفاكیا)ش پێویستە باس بكرێت. داواكاریەگـانی خۆپیشاندەران بریتی بوون لە فراوان كردنی مافی هاوولاتیەتی لە بەرانبەر پێكهاتوەكانی دیوانسالاری دەولەتی و مافی بەژداری چالاكانەتری هاوڵاتیان لە پلانەكانی دەولەت.

كۆمەڵی لەو مەرجانە ڕێگایان بۆ سەركەوتنی ئەندێشە لیبرالیەكان خۆش كرد.

کۆتایی دەیەی 1980 تیۆرەکانی لیبرالی نوی بە هۆی نابود بوونی سیستەمی بەناو (سۆشیالیستي) لە لاپەڕەی هەبوون و کەوتنە ناو دەولەتە خۆشگوزەرانەکان توانیان سیتەمی جیهانی دروستکراوی کۆنفرانسی (یالتا) کۆتایی هاتوو رابگەینن. بە دارمانی سیستەمی دوو جەمسەری کە دارمانە ترسناکەکەیان هەموو جیهان بینی لە شەڕی کەنداودا، لیبرالی نوی باڵی بەسەر جیهانی فراواندا کێشا و گۆرانی کۆتایی مێژووی چڕی.

هێڵکاریەکانی لیبرالی نوی ـ کە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بە وولاٌتە گەشەکەرە جیاوازەکان ـ پیادە کرا، بە گشتی بریتین لە:

١ـ بەرهەم هێنان بۆ ناردنە دەرەوە؛

٢ـ کەمکردنەوەی کرێی کار؛

٣ـ بی بەها کردنی پارەی وولاٌتان بەرانبەر دۆلار؛

٤ـ نەهێشتنی بەش(سهم) ی کالاٌ بنەڕەتیەکان و بەرزکردنەوەی نرخەکان؛

٥ـ کەمکردنەوەی بودجەی دەولەتي؛

٦ـ بچوك کردنەوەی دەزگا دەولەتیەکان لە ڕێگای دروست کردنی بەشی تایبەت (قگاع خایێ)ە سودهێنەرەکان؛

٧ـ نەهێشتنی سیاسەتەکانی پشتگیری ناوخۆ؛

٨ـ سیاسەتی ئابووری دەرگای کراوە لە بەرانبەر بازرگانان؛

٩ـ گۆڕینی سیستەمی دارایی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیا مەزنەکان بە بیانووی ئاسانکاری بۆ سەرمایەدانان؛

١٠ـ نەهێشتنی پێوەری سەختگیرانەی ژینگە؛

١١ـ دروست کردنی کەژاوەی یاسایی بۆ سنوردار کردنی مافی سەندیکا و ئەنجومەنە زەحمەتکێشەکان؛

١٢ـ وەرگرتنی سلفە لە بونیادە داراییە جیهانیەکانی وەکو سەندوقی پارەی جیهانی و بانکە جیهانیەکان.

بەرهەمی ئەو هێڵکاری یە لیبرالیە نوێیانە چیبوە؟ ئایا میکانیزمە خێرایەکەی بازاڕ ـ بەم جۆرەی کە پێغەمبەرانی لیبرالی نوی پروپاگەندەی بۆ دەکەن ـ بۆتە هۆی پەرەپێدان و رەونەقی ئابووری و پێشخستنی ئاستی خۆشگوزەراني؟ راستیە بەرچاوەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم پێش ئەوەی (دال)ی راستی بن بۆ پروپاگەندەی دانایانی لیبرالی نوی، مۆری پشتگیرییە بۆ پێشبینیەکانی مارکس بۆ مەسەلەی بە جەمسەر بوونی زیادەکانی کۆمەڵگا، کۆبونەوەی هەژاری لە جەمسەرێکدا و عەمارکردنی سەروەت لە جەمسەرەکەی تری کۆمەڵگا. لەگەڵ سەرنجدان بۆ هونەر و پێشکەوتنەکانی پەیوەندی لە کۆتایی دەیەی 1970و دیارکەوتنی کۆمەڵگای جیهانی، دەتوانری پێشبینی ناوبراو لە پێوەری کۆمەڵگاییدا بە فراوانی گۆی زەوی شرۆڤە بکری.

خشتەی ٤ نیشاندەری هەژار بوونی زەحمەتکێشان و دەوڵەمەندتر بوونی دەوڵەمەندەکان نیشان دەدات لە ماوەی ساڵەکانی 1965تا 1990لە سەر ئاستی جیهان.

©Kurdistan Net

**خشتەی ژمارە ٤ دابەش کردنی دەرامەتی جیهانی بە لە سەدا**

| | ١٩٦٥ | ١٩٧٠ | ١٩٨٠ | ١٩٩٠ |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٪ هەژارترین کەسی کۆمەڵ | ٢ ٣ | ٢ ٢ | ١ ٧ | ١ ٤ |
| ٢٠٪ دووەم | ٢ ٩ | ٢ ٨ | ٢ ٢ | ١ ٨ |
| ٢٠٪ سصیەم | ٤ ٢ | ٣ ٩ | ٣ ٥ | ٢ ١ |
| ٢٠٪ چوارەم | ٢ ٢١ | ٢١ ٣ | ١٨ ٣ | ١١ ٣ |
| ٢٠٪ زەنگینترین کەسی کۆمەڵ | ٥ ٦٩ | ٧٠ | ٧٥ ٤ | ٨٣ ٤ |

بە گوێرەی شیکردنەوەیەکی (فریدریش ئیبرێت ـ Freidrich Ebert) لە ئەلمانیا }((ئەگەر جیهان بە دێیەکی بچوك دابنێین)) ئەوا لە ساڵی1992 لەو لادێیە 223ملیاردێر و نزیکەی 2ملیۆن ملیۆنێر و 100 ملیۆن هەژاری بی ماڵ هەبووە. ئەمریکاییەکان ساڵی 5ملیارد دۆلار بۆ لاواز بوون خەرج دەکەن لە کاتێك کە 30% دانیشتوانی جیهان لە برسان دەتلێنەوە{ هەروەها بانکی جیهانی رایگەیاند کە ژمارە هەژارەکانی کە رۆژانە کەمتر لە یەك دۆلار دەرامەتیان هەیە لە 1,2 ملیارد کەس لە ساڵی 1987گەیشتۆتە 1,5 ملیارد کەس لە ساڵی1999. ئەوەشمان لەبیر نەچی کە هەژارخانەکانی جیهان بە گشتی وولاتەکانی جیهانی سێیەمن، کە لە سیستەمی کاری جیهانی لیبرالی نوێیان بە گوێرەی تێروانینی گالنۆ (Eduardo Galeano)((لە بەرانبەر وولاتە سەرمایەدارەکانی باکور لێزانی دۆراندنن)).

گەشەی قەرزی وولاتەکانی جیهانی سێیەم نیشانەیەکی دیاری عەمار کردنی هەژاریە لەم وولاتانەدا، خشتەی ژمارە (٥) نیشاندەری گەشەی سەرسورهێنەری قەرزەکانی جیهانی سێیەمە لە ماوەی ساڵەکانی 1970تا 1990.

**خشتەی ژمارە ٥ گەشەی قەرزەکانی جیهانی سصیەم**

| هەرصم | ١٩٧٠ | ١٩٩٠ |
|---|---|---|
| ئەمریکای لاتین و دەریای کارائیب | ٢٧ ٩ | ٤٢ ٢ |
| ئاسیای رۆژهەلات و هەرصمی پاسیفیك | ٨ ٤ | ٢١٤ ٣ |
| ئەفریقا و هەرصمی باشوری بیابان | ٥ ٨ | ١٦٣ ٧ |
| ئەفریقای باکور و رۆژهەلاتی ناوەراست | ٤ ٤ | ١١٨ ٨ |
| باشوری ئاسیا | ١١ ٦ | ٩٣ ٣ |

سیاسەتەکانی لیبرالی نوی بۆ وولاتە پێشکەوتوەکانی سەرمایەداریش دیاریەکیان نەبووە بۆ کۆمەڵ جگە لە زیاد کردنی نێوانی هەژار و دەوڵەمەند نەبێت.(هەڵبەتە دەبی ئەوە بزانین کە هەژاری چەمکێکی رێژەیی یە و چۆنیەتی دابەش کردنی سەرمایەی ئەفسانەیی بەرهەم هێنراو لە وولاتە پێشکەوتوە سەرمایەدارەکان جێگای باسە).(پۆل کەنەدی) ئابووریزان و پرۆفیسۆری زانکۆی (یەل ـ Yale) لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەبارەت بە توندکردنی جەمسەربەندی کۆمەلایەتی دەڵێ: ((بەرێوبەرانی ئەمریکی کە 20ساڵ پێش ئێستا 40 ئەوەندەی زیاتر لە موچەی کارمەندێکی مام ناوەندی دەرامەتیان هەبوو، کەچی ئێستا 200

©KurdistanNet

هێندە دەرامەتیان هەیە .. ئێمە بەرزبونەوەی و دارمانی دەوڵەتی خۆشگوزەران دەبینین. هەموو ئەو شتانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو رویان دابوو تا نایەکسانیەکانی کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە ـ وەکو دابین کردنی چارەسەر و،فێرکردنی خۆرایی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە ـ لە زۆربەی وولاتانی رۆژئاوا لادەبرێن ... لەو وولاتە رۆژئاواییانەی کە دەولەتی کۆمەڵایەتی لادەبری وەکو وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بەریتانیای گەورە، قوڵی نێوان هەژاری و سەروەت قوڵتر دەبێتەوە ـ کارل مارکس لە گۆرەکەی بە خەندەوە دەروانێتە ئەو وەزعانە)).

راستیە بەرچاوەکانیش راستی ئەو تێروانینەی پۆل کەنەدی دەسەلمێنن. بە گوێرەی راپۆرتی ساڵانەی کۆنفرانسی بازرگانی و پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1994 کۆی سەرمایەی 100کۆمپانیای گشتی تا کۆتایي 1992پتر لە 3,4ترلیۆن دۆلار بووە. و ئەمەش لە کاتێکدا کە لە وولاتە پێشکەوتوە سەرمایەداریەکان بە هۆی دابەش کردنی نایەکسانی سەروەتی کۆمەڵایەتی، لە کۆتایی سەدەی بیستەم سەروەت بە شێوەیەکی زۆر لە دەست چەند توێژێك کۆبوەوە. بۆ نمونە لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەك لە سەدای سەروەتمەندترین ئەمریکیەکان خاوەنی پتر لە کۆی سەروەتی %90توێژەکانی خوارەوەن.

لە کاتێکدا بە گوێرەی راپۆرتی بەرێوبەرایەتی ئاماری ئەڵلنیای فیدراڵ لە (ویسبادن)ی ئەڵمانیا، ئەو وولاتە لە ئاڵـوگـۆری کاڵا لەگەڵ وولاتـانی جیهانی سێیەم لە ساڵي 1980تا 1993 چەندین ملیارد دۆلار سودی وەرگرتووە، ئەم سودە بە شێوەیەکی نارەوا و نایەکسان لە کۆمەڵگادا دابەش کراوە بە جۆرێك کە لەم وولاتەدا((3 ملیۆن منداڵ و لاو لە هەلومەرجی نالەبار دەژیێن و ئاستی دەرامەتی خێزانیان کەمتر لە %50 رادەی ناوەندی دەرامەتی کۆمەڵگایە))

بە گوێرەی راپۆرتی دەزگای لێکۆڵینەوە ئابووریەکانی لەندەن، کارەساتی هەژاری منداڵان لەچاو 30ساڵی رابردوو فرە خراپتر بووە. ئەگەر لە ساڵی 1969 تەنیا %10لە کۆمەڵەی منداڵانی بەریتانیا لەژێر هێڵی هەژاریەوە دەژیان، ئەم ژمارەیە لە ساڵی 1979گەیسشتە % 12,6و لە ساڵي 1996گەیشتە % 32,9.

لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش رابردووی دەولەتە لیبرالیە نوێیەکانی (ریگان و بوش) لە دەیەکانی کوتایی سەدەی بیستەم لە هاوتایە ئەوروپیەکانیان پاکتر نییە. لەم وولاتەدا بە گوێرەی ئامارەکان لە ساڵی 1973تا 1989ترازوی هەژاری لە تەمەنەکانی ژێر 30ساڵ دووئەوەندە زیادی کرد.خەرجی داودەرمان لە ساڵی 1984ژمارەی 11ملیۆن منداڵ بی دابین کردنی چارەسەری بوون. لە فراوانی فێرکردنیش دەولەتەکانی لیبرالی نوی هاوکات لە ترازوی لێپرسراویەتی خۆیان کەم کردۆتەوە. بۆ نمونە بەشی بودجەی فێرکردن لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نیسبەت بە بـودجەی گشتی لە %9 لە ساڵی 1980 کەم بۆتەوە بۆ %6لە ساڵی 1989.

خاڵی سەرنج راکێش لێرەدایە کە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی پێغەمبەرانی لیبرالی نوی، ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە پراکتیکدا لە بنەرەتەوە دژی دەستێوەردانی دەولەت نییە، بەڵکو تەنیا دژی دەستێوەردانی دەوڵەتە لە توێژە زەحمەتکێشەکان. کارەکانی دەوڵەتی (ریگان) لە (دزین)ی خزمەتگوزاری دەولەتی پەیوەست بە توێژە زەحمەتکێشەکان و دابەش کردنیان لە نێوان دەوڵەمەندەکان بە جۆرێك بوو کە رۆشنبیرانی ئەوکاتەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ناویان لە دەزگا دەولەتیەکان نابوو ((ریگان هود)). لە کاتێکدا کە لە ماوەی ساڵەکانی 1978 تا 1989 لە وولاتە یەکگرتوەکان باجی راستەوخۆ %30 زیادی کرد، بەشی باج بەری دەرامەتی کۆمپانیاکان لە کۆی دەرامەتی دارایی دەوڵەت لە %17 لە ساڵی 1970 بۆ %9 دابەزی لە ساڵی 1985 .

©Kurdistan.Net

له بەياننامەی دارايی كۆمپانيای جەنەراڵ مۆتۆرز له ساڵی 1987دا هاتووە كه قەرزەكانی دارايی ئەو كۆمپانيايە بۆ دەوڵەتی فيدراڵ (1,3-) مليارد دۆلار بوە. واتە لێبوردنی باج و دارايی ئەو كۆمپانيايەی گرتۆتەوە.

□□□ □□□ □□□

بە سەرنجدانە ئەو ژمارانە دەتوانین بڵێین كە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە كۆتایی سەدەی بیستەم روبەڕوی قەیرانێكی گەورەی كۆمەڵایەتی ـ سیاسی بۆتەوە. زۆربەی زۆری تیۆر و ئایدیۆلۆژیەكان بە باڵای تەنگ بوون، ژمارەیەكی زۆری بیروباوەڕی سیاسیە ـ ئابوریەكان سنورداری خۆیان لە بەرانبەر راستیە گۆڕاوە عەینیەكان ئاشكرا كرد و زۆربەی ئەو رژێمانە روخان كە بە درێژایی ئەم سەدەیە سنورە ناسراوەكانی مرۆڤایەتیان لە بەرفراوانی سیاسی ـ ئابووری دەنەخشاند.

تەواو

**سەرچاوە: گۆڤاری ( اگلاعات سیاسی ـ اقتصادي) ژمارە (١٦٣ـ١٦٤) بەهاری (١٣٨٠هـ) (٢٠٠١ ز).**

©Kurdistan Net